**چاککردنی کومەڵگای کوردستان**

## دەسەڵاتی فەردی( لیدەر) و کاریگەرییەکانی لە سەر کومەڵگا

**ئاسۆ حامدی**
**دیسەمبەری 2005**

زۆرجار باسمان لە وەزعیەتی کۆمەڵگای کوردستان کردووە، باسمان لە دواکەوتووی ئابووری ، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی کردووە، هەموو ئەمانە رەنگدانەوەی داگیرکردن و شەڕ و کاولکاری و تالان و برۆی داگیرکەران بوون.

لەگەڵ ئەمانە ئەگەر خوێندنەوەیەکی واقعی کۆمەلگا بکەین، خۆ هەر میللەتی کورد لە وەزعیکی ئاوادا نەژیاوە زۆربەی میللەتانی ئاسیا و ئەفریقا تەنانەت ئەمریکا لە ژێر مستەعمەراتی بەریتانیایی دا هەناسەی داوە.

ئەگەر هەموو گرفتەکانیش بۆ رژێمە کۆمەلایەتی سەرمایەداری بگێرینەوە ئەوا سەرمایەدارانی کوردستان لە لیستی خوارەوەدان.

کەلتووری سیاسی ئەم ناوچەیە کەلتووری زاڵە، کەلتووری ئازار و ئەشکەنجەیە. مندال لەم کۆمەلگایە و لە رۆژهەلاتی ناوەندا بە شەق پەروەردەدەکرێ. لیدان و تۆقاندن هۆیەکی پەروەردەکردنە..خۆ هەر میللەتی کورد نیە لەم ناوچەیە، ئەوە گەلی فارس و تورک و ئیسرائیل و عەرەب و ئەرمەنی و تورکمان و ئازەری و کلدانی و ئاشوری هتد هتد هەن...

مرۆڤ دەسکەوتی دەسکەوتەکانە، مرۆڤ دەسکەوتی کۆمەلگایە ( لە گشت دا)، لەلایەکی تر بە مانای تایبەتی مرۆڤ دەستکردی خۆیەتی ( نەک بایۆلۆژی و کۆمەلایەتی بەلام لە لایەنی تایبەتی خۆیدا).

مرۆڤەکانی تاک تاکی گەلی کورد بە چەپ و راست رەنگداندانەوەی کۆمەلگایان لەسەرە، هەرچەندە بە گویرەی وەزعیەتی کۆمەلایەتیان جیاوازن، بەلام لە زۆر حالەتدا لە یەک دەچن.

بەنموونە دیاردەی دەسەلاتی فەردی ( لیدەر) لە چەپ و راست لەم ناوچەیە لە یەک دەچێ یەک بە هیزی بازوو ئەوی تر بە بیر.

ئەگەر لە دەسەلاتی فەردی کوردستان لە لایەنی راستی بکۆلینەوە، ئەوا دەبێ بۆ ریشەیان بچین. جا چ لە دراسەکە لە دیاردە بۆ ناوەرۆک برۆین یان لە تایبەت بۆ گشت بچین هیچ لە مەسەلەکە ناگۆرێ.یان بە پێچەوانەوە..هتد.

خەلکی کوردستان خۆیان ئەم مەودایە بە دەسەلاتی مطلەقی سەرکردایەتی راست دەدەن.چۆن گەلی عیراق کەسێکی وەکو سەدام حسین یان کردە خورافی، تەنها ترس ئەم پیاوەی کردە تەم.هەردەم دژایەتی هەر هەبووە و قوربانییەکان بێ رادە بوون.بەلام خودی سەدام ئەم هەموو کارەی پیندەکرا. سەدام نموونەی دەسەلاتی مطلەقە.

دەبێ چەپ و راست بە خۆیان دا بێنەوە، نابێ دەسەلاتی مطلەق لە دەست کەس دابێ..

بەداخەوە چەپ لە کوردستان لە هەمان گەرداو دایە. کەس ناتوانێ لە مەسرەفی مالی سەرکردایەتی بکۆلیتەوە. ئەی ئەگەر لە داهاتی شۆرشی کورد بکۆلینەوە لە سالی 1961 تا دەگاتە دەسەلاتی 14 سال( خۆ دەبێ ئیمکاناتی شەری ناوەخۆ ش دراسە بکرێ) و هەموو ئیماکانتە ئابووریەکان .کێ بۆی هەیە دراسەی لەم جۆرە بکا، دەکرێ بەلام دەبێ لە دەسەلات یاخی بێ یان دەبێ بچتە زیندان و دادگای کارتۆنی، یان مرۆڤ مجازەفە بە ژیانی بکات. ئەم هەموو هەزاران دۆلارەی بانکەکان لە دوای هەرەسی 1975 چی لێهات؟، ئەم هەموو ئیمکاناتەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک بەشی کوردستان چی لێهات؟ کێ دەزانێ چی بەسەر ئیمکاناتی ئابووری حزبی شوعی داهات هەر لەسەرەتای دامەزراندنی تا ئیستا. ئەم هەموو ئیمکاناتەی جوار ساڵ حوکم لە گەڵ حزبی بەعس و یارمەتیەکانی دەولەتی سۆڤیەتی لە سەردەمی شەری ساردا. ئەم سەرکردایەتیانە لە هەموو ئەحزابە کاندا هەر مامەلەیان بە خوێنی شەهیدان کردووە یان بە چارەنووسی گەل. خۆ هەر ئەنفال تاوان نیە دزینی مال و مولکی کۆمەلگا یانی چی!!.

بە رێککەوت باس لە مەسەلەی مالی دەکەم چونکە مەرکەزی بزوتنەوەی دونیای ئەمرۆیە.

لەبارەی دیاریکردنی جارەنوسی سیاسی کۆمەلگا هەر دەسەلاتی فەردی بریاردەدا.دەسەلاتی فەردی ناتوانێ هەموو داواکاری و داخوازیەکانی کۆمەلگا لە زەینی پر داواکاری کەسایەتی خۆی هەلبگرێ، هەر ناشیەوێ.
دەسەلاتی فەردی کۆنەپەرستترین دیاردە لە کۆمەڵ دروست دەکات. دەورانی شاهنشاهی زیندوو دەکاتەوە.دەبێ ئەم دیاردە ترسناکە لە کوردستان دەبێ کۆتایی پێ بێ.
لە جیاتی دەسەلاتی فەردی دەسەلاتی کۆمەل یان ئەنجومەن بێتە گۆرێ لە سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکان. لە دەسەلاتی حوکمیشدا با پەرلەمان دەسەلاتی سیاسی وەربگرێ، لە پاریزگاکان با ئەنجومەنی شارەوانیەکان حوکم وەربگرن لە جیاتی پاریزگار. هتد هتد.
کۆمەلگای شارستانی دەبێ ئەم هەنگاوە بە پراکتیک بکاتەوە. ئەم بێ ئەلتەرناتیفیەی لیدەر لە چەپ و راست بێ مانایە. یانی لە نێو ئەحزابی حاکمدا لە کوردستان لەم هەموو ریزانەی حزبیاندا ئەم هەموو سالە دوو کەسی تر پەیدا نەبوون، هەرگیز وانیە یان لە نێو ئەحزابی چەپیش هەروایە.. هەر کە مرۆڤێ دەستی رۆیشت لە رۆژهەلاتی ناوەندا هەر هەمان ئسلوبی هەیە.
کۆمەلانی خەلکی کوردستان دەبێ زۆر پرسیاری واقعی بکەن. دەبێ دەسەلاتی فەردی کۆتایی پێ بێ. هەموو مەسەلەکانی کۆمەلگا دەبێ گەل بریاری لەسەربدات.با کۆمەلگا رەوتی شارستانی وەربگرێ. دلسۆزانی گەل دەبێ زیاتر لە سەر سەر رابگیرین. دابا کۆمەلگا بە ئازادی ئەم حوکمە بدا. لە هەمان کات دا مرۆڤ پەرستی و سەرکردایەتی بێ پایان بێ مانایەو دەبێ کۆتاییان پێ بێ. لە لایەکی تر رابەری واقعی کۆمەلگا دەتوانێ گەشەوحەرەکەی جدی بە کۆمەلگادا بکات. ئەم رابەرە هیشتا لە کوردستان لە خەوی خۆش دایە، یان هەر سەری بەرزکردەوە سەرکوت دەکرێ...
رۆلی تاک( رابەر) لە کۆمەلگادا مەسەلەیەکی دیاریکراوە، رابەران تواناایان بە گویرەی کات و شوێن دەگۆرێت، تواناکانیان پیرۆز نین و دەبێ هەموو مرۆڤەکانی کۆمەلگا بە دینامیکی سەیری گشت مەسەلەکان بکەن.
ئەگەر رابەران داینەمۆی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانن و لە کاتی سەرکەوتن و بەرەوپێش چوون دا دەست خۆشی و کرنووشیان بۆ دەبردرێ، ئەوا دەبێ لە کاتی هەڵەکردنیان دا لە بەرامبەر کۆمەلگا هەلوێستی رابەریان هەبێ و لیپرسراوبن بەرامبەر هەموو کارەکانیان.
ئەگەر ئازادی سیاسی قەرارە لە کوردستان بەرقەرار بێ، ئەگەر دیموکراسی هەیە کۆمەلگا بەرەو شارستانی بوون دەچێ..ئەوا دەبێ بۆ هەمووومان یەک بێ..ئەگەر کەسانێ لەسەر شکاندنێ هەندێ سنوور لە کوردستان زیندانی دەکرێن، ئەوا خەلکی کوردستان حەقی خۆیانە لە زۆر مەسەلەی گرنگ و چارەنووس ساز بپرسن و رابەرانیان بهێننە هۆلەکانی دادگا..بە قەولی برادەریکم گووتی رابەرانی میللەتی کورد ئەگەر وابێ دەبێ هەر رێگای دادگا بکوتنەوە!!! من دەڵیم حەقە رابەرانی سیاسی وەکو سەرکردە سەربازیەکان هەلسوکەوت بکەن، یانی لەگەل ئاستی پلانەکانیان سەرکردە سەربازیەکان بریاری چارەنووسی خۆیان دەدەن. لە کاتی سەرکەوتندا باسی دەستکەوتەکانی دەکەن و لە کاتی ژێرکەوتنی دا واز لە ئەرکان و سەرکردایەتی دەهینن و رێگا بۆ کەسانی دوای خۆیان چۆل دەکەن. ئەمە بۆ کۆمەلگای کوردستان زۆر زەحمەتە، جونکە کۆمەلانی خەلکی کوردستان هەر وا راهاتوون و دەبێ کەسێ بە میرات رابەرایەتیان بکات. ئەم میراتگریە ترسناکیەکی ئاییندەیی هەیە. دەبێ کۆتایی پێ بێ. ئەگەر لە حزبێ دا هەبێ، ئەوا نابێ لە سەراسەری کوردستان بە گشتی بکرێتەوە.
لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ دوو سیفاتی ترسناکی لە دەروونی خۆی دا هەیە، بە حوکمی رژێمە کۆمەلایەتیەکان بۆی ماوەتەوە، مرۆڤ سیفاتی دەسەلات و نارازی بوونی هەیە..
ئەمە سیفاتە لە مرۆڤی رۆژهەلاتی زۆر زەقە، بە حوکمی دواکەوتووی پیشەسازی و فەرهەنگی کۆمەلگا کە دەسکەوتی کێشە و ململانێە مەزهەبی و ناسیونالیستەکان و داگیرکردنی ئیستعماری لەم ناوچەیە یە.
لە دەورانی ئەمرۆدا کە مرۆڤایەتی زۆر مەسایلی بریووە، قەتیس مانەوە لە سەرکوت و دەسەلاتی مطلەق و فەردی کارەساتە..دەبێ نەوەکانی نوێ بە بیری رێزگرتن بۆ بیروباوەر و ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی پەروەردە بکرێن. لە مال و
قوتابخانەکان و گشت شوێنە پەروەردەییەکان دەبێ دیاردەی دەسەلاتی فەردی نەمێنێ..

ئەوکات رابەرانی سیاسی سەیر دەکەن کە کاتی رابەر پەرستی بەسەر چووەو کاتەکانیان هەر سەردەمی زێرینیانە، هەر کاتێ لە خزمەتی کۆمەلگا بوون ئەوکات رابەرن هەر کاتێ لایان دا لەم هێلە ئەوا دەبێ رێگا بە کاسانی تر بدەن. لە ئیتالیا بەنموونە زۆر رابەری حکومی تووشی دادگا دەبن و زیندانیش دەکرێن.